# نهێنی ئەستێرە مۆرەکان

حسێن ساکار نوسینی

JULY 2, 2020

بیرۆکەی وەرگێران بیرۆکەیەک بوو کە دەمێک بوو لە خەیالم بوو واتە هەر لە ١٣-١٤ ساڵیەوە من ئەمویست ئەو کارە ئەنجام بدەم کە کتێبی کیمیاگەرم بە ئینگلیزی بینی زۆرم حەز ئەکرد کە ناوی منی لە سەر بێت بەڵام بە هۆی بچوکیو کەم ئەزموونیمو نەبوونی هاوکاری پێویست نەمئەزانی چۆن دەست بکەم بە کارەکە بەڵام هەموو ئەوانە نەبوە هۆی ئەوەی کە من لە خەونەکەم پاشگەز بکاتەوە سوپاس بۆ خودا کە گەشتمە تەمەنی ٢٠ ساڵی بە هۆی کۆڵنەدانمو ویستێکی زۆرم بۆ کارەکە توانیم لە ٢٠١٩/٩/١٣ یەکەمین کتێبم وەربگێرم بە ناوی ئەکستاسی و لە ٢٠١٩/١١/١٤ بڵاو بۆوە لە پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی بۆ کتێب بە هەمان شێوەش دوەمین کتێبم بەناوی پێنج پێ دووری لە ٢٠٢٠/١/٢٩ دەستم کرد بە وەرگێرانی و لە ٢٠٢٠/٦/١٤ کەوتە بەردەستی خوێنەرانی خۆشەویستم بەداخەوە کە پلانەکە بەوشێوە بوو کە ئەبوو بەشداری پێشنگای نێودەڵەتی کتێبی هەولێر لەوێ بڵاو بکرێتەوە مانگی ٣-٤ بەڵام بەهۆی بارودۆخو نەخۆشی کۆرۆناوە دەرفەت نەبوو بۆیە بە ناچاری لە ٦/١٤ بڵاوکرایەوە بە خۆشحالیەوە بەرەوپێشچوونو پێشوازیەکی زۆر باش لە کتێبەکەم کرا ،خەونەکە هاتە دی بەڵام کەمێک درەنگ لەوانەیە بۆ هەندێکیش زۆر درەنگ بێت بەڵام بۆ من گونجاوە بەڵی ماوەی ٦ ساڵ نێوان خەونەکەو بەدیهاتنەکەی بوە بەڵام دڵنیام کە لە ماوەیەکی گەنجاودا بەدی هاتوە.

لەبارە بیرۆکەی نوسینی کتێبێکیش لە ٢٠٢٠/٥/٢ ئەو بڕیارەم داو سەرەتا هەوڵم دا تایتڵ یاخود ناونیشانێکی گونجاو بدۆزمەوە بۆ ناوی کتێبەکەم چونکە بیرۆکەی ناوەرۆکی بابەتەکانم لەلا روون بوو کە چی ئەنوسمو چی ئەکەم بەڵام هەولمدا کە ناوشانێکی جوان بدۆزمەوە بۆ کتێبەکە کە بۆ ئەوەی لە سنوری کەتەگۆریەکە دەرنەچێت لەوانەیە ئەوەی ئێستا ئەم پێشەکیە ئەخوێنێتەوە تێبگات کە لێکچوون هەیە لەنێوان کتێبەکەمو کتێبی

ئەکستاسی لەوانەیە بیرۆکەکەم لەوەوە وەرگرتبێت بەڵام شێوازی پێشکەش کردنەکەی جیاوازە.

لەوانەیە بابەتەکەم ژمارەو بەرواری زۆر تیابێت بەڵام ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە خودا نییەتو بیرۆکەیەکی خستە دڵت بزانە بێگومان بێ حیکمەت نییە تۆ کاری خۆت بکەو پشت ببەستە بە خودا دڵنیا بە ئەو یاوەریت ئەکات و دڵنیابە رۆژێک بیرۆکەکەت ئەکەیت بە ڕاستی ،ئەوەی گرنگە کە هەلەکان لە دەست نەدەین و بەهانەکان بۆ گیرفانی خۆمان هەلگرین و لە ناو جەرگەی سەختیو ناخۆشیەکانیش ئێمە هێشتا پێبکەنین چونکە دنیا کۆتای نەهاتوە جارێ .

بۆیە لێرەوە پێت ئەڵیم ئەگەر هەر بیرۆکەیەکت هەیە مەوەستە ئێستا دەست بکە بە ئەنجام دانی دڵنیابە جێی خۆی ئەگرێت ئەگەر لە ١٠٠٠ کەس تەنها ١٠-١٠٠ کەس سودی لێوەربگرن سوپاس گوزار بە چونکە تۆ کارت لەسەر ١٠ کەس کردوەو توانیوتە لە دونیاو دوارۆژدا خێری ئەوە بە دەست بێنیت کە سودێکت بە مرۆڤایەتی گەیاندوە بۆیە مەوەستە هەر ئێستا دەست پێبکە.

سەر هەڵدانی بیرۆکەی نوسیم دەگەرێتەوە بۆ ١٣-١٤ سالیم بێگومان ئەو کاتیش بە شێوەی دێری کورت کورت ئەمنوسی چونکە هەمیشە حەزم لەوە بوو بابەتەکانم کورتو پوخت بن بەڵام بە هەر هۆکارێک بێت رۆژێکیان هەموویم فەوتاند بە دەستی خۆمو جارێکی تر نەچومەوە بەلایاناو نەفرەتم لە هەمووی کرد بێگومان دان بەوە ئەنێم کە من هەلەم کردوە بەڵام ئەبێت ئەوەشم لە بیر بێت ئەگەر ئەو هەلەیەمنەکردبا ئێستا ئەم ساکارەی ئێستا نەئەبووم بۆیە دڵتەنگ نیم بۆ ئەو رووداوە ئەوەتا ئێستا بە فۆرمێکی نوێ وە لێرەم بۆیە هەزار جار سوپاس بۆ تۆ خودایە .

٢٠٢٠/٧/٢

پێشکەش بێت بە هەموو ئەوانەی هەرگیز کۆڵنادەنو بڕوایان وایە ئەوەی ڕوودەدات بێ حیکمەت نییە

پێشکەش بێت بە دایکم بۆ ئەو ڕۆژەی دەتوانێت وشەکان بخوێنێتەوە ئەو کاتەی ئەم کتێبەی بەرچاو دەکەوێت

هۆکاری ئەوەی کە ناوی هەریەک لە بابەتەکان بە وشەی ئەستێرە دەست پێدەکات ئەوەیە کە بە ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر لە منداڵیەوە کە سەیری ئاسمانم دەکرد پێم وابوو هەر یەکەیان پەیامێکی پێیەو وەکو مرۆڤێک قسەم لەگەڵ دەکەن بۆیە خوێنەر بە کێ ناڵی هەر بە ڕاستی ئەمە قسەی یەکێک لە ئەستێرەکانی ئاسمان نییە بۆ تۆم چنیوە.

## ئەستێرەی یەکەم

با لێرەوە دەست پێبکات،دەی تۆ ئامادەیت ؟

وەرە باپێت بڵێم ئەم جیهانەی کە تۆ ئەیبینیت وەکو شاری یاری وایە هەر ئەزموونێک یاریەکە بەڵام تاکە جیاوازی لەگەڵ شاری یاری راستەقینە ئەوەیە کە هەر یاریەک لێرە تەنها یەک بلیتی هەیە واتە تەنها یەکجار دەتوانیت تاقی بکەیتەوە .

هەر کارێک هەر شتێک کە ئەنجامی دەدەیت تەنها یەکجار دەتوانیت ئەزموونی بکەیت لەوانەیە دووبارەی بکەیتەوە بەڵام دڵنیابە بۆت وەک جاری یەکەم نابێت با ڕوون تر پێت بلیمو بە نمونەیەکی زیندوو من کە ئەو هەلەم بۆ هەڵکەوت کتێبی ئەکستاسی بنوسم ئەگەر تەمەلیم تێدا بکردایەو نەمکردایەو بترسامایە ئەوا بێگومان ئێستا ناوی کەسێکی تر لەسەر کتێبەکە دەبوو جگە لەوەش تۆ ئێستا کە ئەم کتێبە دەخوێنیتەو ساکارت نەدەناسی.

## ئەستێرەی دووەم

هەندێک جار کۆتاییەکان بۆ ئێمە دڵخۆشی ناهێنێت لەگەڵ ئەوەی کە لە ئەندێشەو خەیاڵی خۆمان وامان دانابوو کە ئەگەر کارەکە بەو جۆرە بێت دڵخۆش دەبین ،کەواتە کێشەکە لێرەدا لەگەڵ هەڵە تێگەشتنی ئێمەیە ئەگەر تۆ بەوەی ئێستا هەتە دڵ خۆش بیت کەواتە بەوەی لە داهاتووش بە دەستی دێنیت دڵنیابە دڵخۆش دەبیت چونکە لە ناخەوە دەروونت ئارامە تۆ بە هەر بارێکدا بێت .

بە کورتی:

سوپاس گوزاری خودا بە لە هەموو بارودۆخەکاندا تاکو چێژ لە کۆتایەکان وەربگریت

# ئەستێرەی سێیەم

دەکرێت مرۆڤ خۆی لە دووتوێی پەڕەکانی کتێبێک ،دێرێک ،گۆرانیەک ،فیلمێکدا بدۆزێتەوە بەڵێ بەم جۆرە دەکرێت ئەو ڕاچلەکینەی لە ناخی تۆ دا ڕوودەدات لە دوای ئەم دێرەی منەوە دەست پێبکات.

مرۆڤ توشی ئەو بارودۆخە دەبێت کە وا تێدەگات ئەم پەرەیە ئەم دێرە باس لە ژیانی ئەو دەکات یاخود دەکرێت سودێکی پێبگەیەنێت بۆ هەنگاوی داهاتوی دەکرێت تۆ بە هۆی پارچە ڤیدیۆکەوە کە کەمێک لێی را دەمنیتو وەرد دەبیتەوە خۆت بدۆزیتەوە دەکرێت بزانیت ئەو هەلەیەی کە ماوەیەکی زۆرە پێوەی گیرۆدەی چارەسەرەکەی چییە تەنها بە یەک وشە،بۆیە هیچ شتێکت لا بێسود نەبێت.

# ئەستێرەی چوارەم

بەڵی ،بەڵی من دەڵیم دەکرێت رۆژێک بێت مرۆڤ هێندە دڵی پر بێت نە لاپەرەکانو نە کتێبەکانو نە رۆمانەکان بەرگەی نوسینەوەی رازی دڵی نەگرن

رەنگە رۆژێک لە رۆژان دڵت پڕ بێت بەڵام با سەرەتا پێت بڵێم کە تۆ تاکە کەسنیت لەم جیهانە رووبەرووی ئەو حالەتە دەبیتەوە دواتریش بەرگە گرتنی تۆ بۆ ڕووداوەکان دەتوانێت لاپەرەکان جوانتر بنەخشێنێت کە دەبینیت لە کۆتای هەموو ناخۆشیو تەەگەرەکان تۆ توانیوتە بەسەر ئەو ناخۆشیانەدا زاڵ بیتو سەرکەوتوو بیت ئەوە گەورەییە

گەورەی ئەوەیە ٩٩ لاپەرەی کتێبەکەت کێشەکانت بێت بەڵام لاپەرەی ١٠٠ سەرکەوتن رابگەینیت

## ئەستێرەی پێنجەم

کورد دەڵێت لەگەڵ ئەسل هەموو فەصل لەگەل نائەسڵ هیچ نا فەصل ،
عەرەبیش و طیور علی اشکالها تقع

هەوڵمەدە قەناعەت بەبەرانبەرەکت بێنی بێتە سەر رێبازی تۆ ئەگەر رێگات راست بێت ئەو کەسە بە قسەت بکات قازانج بۆ خۆیەتی ئەگەریش نەیەت ئەوە زەرەر بۆ خۆیەتی بەڵام لەو کاتەدا زەرەر بۆ تۆیە کە لە بێهودە هەولی لەگەڵ بدەیتو هەوڵ بدەیت کە رای خۆت بەسەریدا زاڵ بکەیت دوای ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە بەرانبەر تۆ تێروانینێکی ناشرینی هەبێت و جگە لەوەش بە هۆی گەمژەی خۆیەوە گومرا ببێت و گاڵتەشت پێبکات هەر بۆیە ئەلێن لەگەل نا ئەسل هیچ نا فەصل

خودای گەورە بیسەرو بینەرو زانایە بە کارو کردەوەکانت وزەی خۆت لە کەسانی نەرێنی بەفیرۆمەیە.

# ئەستێرەی شەشەم

زۆرن ئەو شتانەی کە رۆژانە بە ناچاری لەگەڵیان دەژین بێئەوەی خۆمان هەڵمان بژاردبن .

بیرت بیت ئەم جیهانە چەنە هەندێک شت بە دلی ئێمەیەو کاردانەوەی بیرو بۆچوونو هەلسوکەوتو بیرکردنەوەی خۆمانە ئەوەنەش زۆر شت هەن کە بە دەست خۆمان نین بۆ نمونە هیچ کام لە ئێمە مافی ئەوەی پێنەدراوە رەگەزی خۆی هەڵبژێرێت هەر لە لەدایک بوونیەوە یاخود دایکو باوکو خوشکو براکانی هەڵبژێرێت یاخود زۆر شتی تر بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ رەش بین بیت بەڵکو با شتەکان بە دڵی تۆش نەبێت لەگەڵیان بژی رەنگە چیرۆکەکەت جوانتر بکەن .

خودای گەورە دەفەرموێ

**وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ**

## ئەستێرەی حەوتەم

کە لەیەک بواردا باشبوویت وا تێمەگە کە لە هەموو شتێکدا باشیت.

سەیرکە وا تێمەگە کە تۆ لە کارێکدا باشبوویت کەواتە لەهەموو کارەکانی تریشدا تۆ باشو سەرکەوتویت ئەم دێرەم بە نێگەتیڤی وەرمەگرە بەڵکو وەکو راستیەک قبولی بکە تەنانەت های فاڤیش هەر یەکەیانو لە یەک بابەتدا هێزیان پێبەخشراوە ئەمە شتێک نییە بڵێیت منیش ئەتوانم سەدا سەد بیکەم بەڵی دەتوانیت بیکەیت بەڵام دڵنیابە بە هەمان جۆری کەسێکی تەواو شارەزا نا .

تواناکانت لە یەک بواردا کۆ بکەوەو ورد ببەوە باشترە لە زۆرو بۆری .

## ئەستێرەی هەشتەم

باشە مرۆڤ بە تەنها مابایەوە باشتر نەبوو لەم هەمو گێرە و كێشەیە بێگوومان مرۆڤ ئامادەیە كە خۆشی بە كوشت بات لە پێناو ئەوەی بە تەنها نەمێنێتەوە .

فیترەتی مرۆڤ هەر لە ئەزەلەوە وەها دروست بوە ئامادەیە خۆی توشی هەموو كێشەیەک بكات تەنها لەبەر ئەوەی بە تەنها نەمێنیتەوە هەر ببینە ئەوەتا بێدەنگ لەسەر زەوی دانانیشێتو بەڵكو هەوڵدەدات بروات دونیای دەرەوەی زەوی ببینێتو بپشكنێت.

## ئەستێرەی نۆیەم

دەزانم تۆ هەندێک جار بێزار دەبیت لە جیهانەکەی خۆت بێزار دەبیت لە مرۆڤەکانی خودا لە مرۆڤە شەیتان ئاساکان .

وەک وتم ئەمە شتێکی گشتیە تۆ تاکە کەس نیت کە ئەم کێشەی هەبێت هەولدە خۆت لەگەڵی بگونجێنیت هەولبدە لەو مرۆڤانە دورر بکەوەو مرۆڤانی باش بناسە کەسانی باش هێشتا ماون دڵنیا بە کەمێک تێروانینو بیر کردنەوەو پلانەکانت بگۆری دلنیابە دەیان دۆزیتەوە

مرۆڤ هەمیشە لێکچوەکانی خۆی دەدۆزێتەوە بۆیە ئاگاداری خودی خۆت بە لە پێشدا

## ئەستێرەی دەیەم

دەگەیتە ئەو قۆناغەی چی دی نە هاتنی مرۆڤەکان دڵ خۆشت دەکات نە بە ڕۆشتنیان دڵ تەنگ دەبیت بەڵکو بە هەردوو بارەکە تۆ سەما دەکەیت ئەمە غرور نییەو لەخۆبای بوون نییە ئەمە لوتکەی گەشتنە بە بێ متمانەی بە مرۆڤەکان .

کە دەبیتە هاورێ هاوسەر خزم هەر کەسێکی کەسێک ئاگاری ڕەفتارەکانت بە وای لێمەکە هەموو متمانەی خۆی بە تەواوی مرۆڤایەتی لە سایەی تۆوە لە دەست بات بە مرۆڤەکان تاوانی کەس هەڵمەگرە باشو ئاقلانە بژی لەم دونیایەدا تەنها یەک جار دەژین پێویست ناکا خۆمان لە بەر چاو کەسدا ناشترین بکەین .

کە بویت بە گشت کەسی کەسێک وەک گشت کەسی ڕەفتار بکە یان نووربە یان دوور بە .

# ئەستێرەی یانزەهەم

بە تەنها هاتوینە ئێرە بە تەنهاش دەڕۆین لێی گەڕی چیت داوە لە خەمی هاتنو چونی ئەمو ئەو.

تۆش ئەوەندە دڵناسک مەبە بە رۆشتنی هەموو کەس بڕوخێت چییە خۆ دنیا کۆتای نەهاتوە ئەم دونیایە خۆی لەسەر ئەساسی کاتی دروست بوە واتە خودی دونیا کاتیە کە لەو دونیا بە ئاگا دێینەوە پێمان وایە تەنها ماوەی نێوان نوێژی عەسرو نیوەرۆ لەم دونیا ژیاوین کەواتە ئەم هەموو خەم خواردنە لە پای چی لە پای چی خۆت کاول دەکەیتو ژیانی خۆت دەشێوێنیت ؟؟!

یەکەمین یاسای خۆشبەختی خۆشویستنی خودی خۆتە.

## ئەستێرەی دوانزەهەم

قەیچێکا سبەی زوو هەستەو بچۆ بۆ راکردن ،قەیچێکا لە ناخۆشترین ڕۆژی ژیانت پێبکەنەو ئاهەنگ بگێرە ،قەیچێکا ئەو کەسەی رقت لێیە بچۆ و لەگەڵی گفتگۆبکە بەڵکو رێکبکەون.

کۆمەڵە کارێک بکە کە بە پێچەوانەی نەریتە رۆژانەییەکانتەوە بێت قەیچێکا تاقی کردنەوەی شتی نوێ خراپ نییە بەڵکو لەوانەیە ببێتە هۆی دەست پێکی سەرەتایەکی تازەو نوێ بۆت و پێی ببوژێتەوە دڵنیابە ژیان هەمیشە جوانەو جوانیش ئەبێت ئەوەی باشو خراپی ژیان دیاری ئەکات لە زۆربەی کاتەکاندا تەنها خۆمانو خودی خۆمانین کە کاردانەوەمان بەرانبەر بارودۆخەکان چۆن ئەبێت تۆ دەکرێت بگریت دەکرێت پێشبکەنیت باردۆخەکە جیاوازی نییە تەنها کاردانەوەی تۆ جیاوازی هەیە.

گوڵ بگرە با ناخۆشترین ساتەکانی ژیانیشت بێت .

# ئەستێرەی سیانزەهەم

هەرگیز ئەو گفتوگۆو دانیشتنانە لە دەست مەدە کە لەگەڵ کەسە بەتەمەنەکاندا دەیکەیت چونکە رۆژێک دێت کە ئامادەگیت تێدایە تەواوی تەمەنت ببەخشیت بەرانبەر تەنها ساتێک قسەکردن لەگەڵیان.

بەتەمەنەکان وەکو کتێبەکانی مێژوو وان کەسی تایبەت بە خۆی نەبێت ناتوانرێت لێی تێبگات بەڵام لەوەش گرنگ تر ئەوەیە ئەوان خۆیان نادەنە دەستەوە بۆ هەموو کەس وەکو گەنجینەیەکی شاراوە وان لەگەڵ رۆحیان بژی تاکو لێیان تێبگەیت لەوانەیە تۆش رۆژێک بگەیتە هەمان تەمەنی ئەو ئەو هەستە تاقی بکەیتەوە.

فێربە لەهەموو بارودۆخێک پەندی خۆت وەربگرە.

# ئەستێرەی چواردەهەم

نامریت تاکو ئەو رۆژانەش نەبینیت کە پەشیمان دەبیتەوە لەو دوعایانەی کە رەمەزانیی ساڵی پار کردووتن .

هەروەکو چۆن گرنگە کە پێداچوونەوە بە خودی خۆمانو بیرکردنەوەماندا بکەین بێگومان ئاواش گرنگە کە بزانین چی لە خودا داوا دەکەین رەنگە کۆمەڵە شتانێک کە لە رابردوو داوامان کردوون ئەمرۆ هەرگیزاو هەرگیز نەمانەوێن بێبەرانبەریش رەنگە ئەوەی مانگی رابردوو هیوامان خواستوە بێتە دی ئێستا ئامادەیمان تێدا بێت هەموو کارێک بکەین تەنها ئەو شتە روونەدات هەرچەنە پێشتر داواکاری خۆمان بوە .

نزاکردنەکانیشت بە پێی کات دەگۆرێن دڵنیابە کەواتە بۆ ئیترناخت ناگۆریت؟!

# ئەستێرەی پانزەهەم

هەموو هەوڵی دەرکەوتن بە جیاوازی دەدەن تۆ ئاسای بە دەبیت بە جیاوازەکە.

بێگومان رۆژگارێک تێی کەوتوین هەموان لە رکابەریدان بۆ ئەوەی بگەنە لوتکە بێگومان ئەمەش پێویستی بە هەولدان هەیە جگە لەوەش ئەگەر بێتو بە جیاواز دەربکەون ئەوا زیاتر  دەبنە جێی سەرنجی ئەموو ئەو بەڵام بۆ ئەوەی ببیتە جێی سەرنج مەرج نییە پێویست بە جیاواز بوون بکات تۆ تەنها هەمان بیرۆکە بە جوانی پەرەو بکە بۆ خۆشەویستیەوە خۆت بە دڵنیابە دەبیتە جێی سەرنجی هەموان.

هەموو گوڵەکان تایبەت مەندی خۆیان هەیە پێویست ناکا خۆت بکەیت بە دڕک بۆ سەرنج راکێشانی ئەمو ئەو

# ئەستێرەی شانزەهەم

خراپ نییە هەفتەی جارێک کۆبونەوەیەک رێکبخەیت لەگەڵ خۆت بۆ تاو توێ کردنی هەستەکانو خوو کردارەکانت.

جوانترین شتێک کە مرۆڤ بیکات ئەوەیە کە لەبەرانبەر کاروبارو هەلسوکەوتو بیر کردنەوەکانی بە ئاگابێت بۆ ئەمە پێویستە کە زوو زوو بە خۆیدا بچێتەوە بیر کردنەوەو کردارو پلانو رەفتارو پلانەکانی تاو توێ بکات کۆبونەوە لەگەل خوود نیعمەتێکە خودا بە مرۆڤی داوە بەڵام هەموان وەکو یەک ناتوانن لە گرنگی ئەم نیعمەتە تێبگەن .

خۆت بناسە پێش هەموو کەس.

# ئەستێرەی حەڤدەهەم

ئەو کاتەی مرۆڤ لاپەرەکانی کتێبێک بە هەرەمەکی هەڵدەداتەوەو چاوی بە دێڕێک دەکەوێت سەیر نییە نا !

ئەوەی سەیرە ئەوەیە ئەو دێرە ڕێک لەگەل بارودۆخی ئەو ساتەی یەکبگرێتەوەو رازەکانی دڵی خۆی لەو دێرەدا بدۆزێتەوە .

گوفتاری شیرین هەمیشە جێی خۆی دەگرێت ئەویش لێهاتووی نوسەر دەسەلمێنێت کە توانیویەتی بەو جۆرە لە ناخی دڵیەوە بابەتەکە بنوسێت بەراستی ئەوە گرنگ نییە خاوەنی چەندان کتێب بیت ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بە جۆرێک لە ناختەوە هاتبێتە دەر کە خوێنەر رابکێشێیت بۆ دووبارەو دەبارە خوێندنەوەی دێر بە دێری کتێبەکەت .

کتێبەکان گوزارشتن لە ناخی ئێمە.

## ئەستێرەی هەژدەهەم

لەبیرت بێت خەلک هەموو کات ئەو شتانەی بۆ خۆیان پێیان خۆشە بۆ دەوروبەر پێیان خۆش نییە.

پێت سەیر نەبێت کاتێک رەتت ئەکەنەوە کاتێک پێت دەڵین مەکە مەچۆ نابێت خراپە ئەمەو ئەوەیە ئەمە سروشتی مرۆڤە لە ئەزەلەوە وەها بوە کەمن ئەوانەی دڵەکانیان و روخساریان وەکو یەک پاك غرورەت زۆربەی کات دەستی باڵای هەبوە لە سەرنەکەوتنی مرۆڤ کاتێک کە تۆ دەبیتە یارمەتی دەر بۆ ئەوانەی دەوروبەرت دڵنیابە هەر رۆژێک بێت تۆ دەتوانیت بەرهەمەکەی بخۆیت غرور مەبە.

نەخۆشی بەخیلی ئەنجامەکەی کەوتنە.

## ئەستێرەی نۆزدەهەم

لەوانەیە هەندێک کات پێویستتت بە دەردە دڵ بێت بەڵام بیرت نەچێت هەموو کەس شایەنی دەردەدڵ کردن نییە.

پێویست ناکات هەموو شتێکی خۆت هەموو کات بەمو بەو بڵێت لەگەڵ ئەوەشدا پێویست ناکات هەمووان هاورێی نزیکو گیانی بە گیانی تۆ بن ، بزانە کێ ئەکەیت بە نزیکی خۆت گرنگی بە کێ ئەیەیت چونکە لە دوایدا ئەم هەڵە تێگەشتنەت ئەنجامی باشی نابێت و هەر ئەوانەن کە تۆ بە دۆستیان دەزانیت دەبنە دوژمنی گیانی بە گیانیت .

هەموو کەس بناسە بەڵام لە هەموو کەس نزیک مەبە.

## ئەستێرەی بیستەم

خەڵک هەموو ئەو شتانەیان دەوێت کە نیانە

سرویشتی مرۆڤ هەروایەو واش بوە هەرگیز بەوەی هەیەتی رازی نەبوە هەرگیز بە کەم رازی نەبوە نالێین هەمووی بەڵام بەشێکی چاویان ئەوانە نابینن کە هەیانە زۆربەی کات ئەوشتانەیان ئەوێتو لایان خۆشەویستە کە نیانە ئەگەر توانیت ئەمە بە قازانجی خۆتو بە دەست هێنانی شتی باشتر بشکێنیتەوە ئەوە تۆ قازنج دەکەیت بەڵام ئەگەر نەتتوانی ئەوە بکەیتو بەڵکو ئەو رەفتارەت بوە هۆی نائومێدیتو تەنانەت ئەوەشی بە دەست هێناوە لە دەستی بدەیت کەواتە تۆ کەسێکی ناشکوریت.

ئەو شتانەت خۆشبوێت کە خاوەنیت.

# ئەستێرەی بیستو یەکەم

رێگای هەڵە بەکار مەهێنە بۆ سەرسامکردنی خەڵکیو بە دەست هێنانی ناوبانگ

ئاگاداری هەنگاو بە هەنگاوەکانت بە بزانە چی ئەکەیت پێویست ناکا لە خۆڕاو بێسود خۆت بکەیتە قسە باسی خەڵک تەنها لەبەرەوەی ناوت بێنن زۆر بە کورت ئەوانەی ناودارن مەرج نییە هەموویان بەسود بن.

پێش بە دەست هێنانی ناوبانگ بیرێک لە ڕێگاکەت بکەرەوە.

## ئەستێرەی بیستو دووەم

ڕۆژێکیان یەکێک پێی وتم با هەمیشە پێکەنین لە سەر رووخسارت بێت چونکە لە کۆتایدا خەڵک تەنها رووخسار دەبیننو گرنگی بەو شتانە دەدەن کە خۆیان پێیان خۆشە.

تەنانەت ئەگەر لەبەر دلی ئەمو ئەویش نەبێت تۆ هەر پێبکەنە و دڵخۆش بەو با هەمیشە خەندە لەسەر رووخسارت بێت ژیان کورتە بەشی ئەوە ناکات هەموو کاتەکانت لە دڵ تەنگیدا بەسەر ببەیت جگە لەوەش لەوانەیە ئەوخەندەیی تۆ دەیکەیتو کەسێ تر دەیبینێت ببێتە هۆی ئارامی دەروونی ئەو بەردەوامیو گۆرانی رۆژەکەی.

خەندە بکە بەرووی ئەوانەشی کە نایان ناسیت.

## ئەستێرەی بیستو سێیەم

ڕۆژێکیان یەکێکیان پێی وتم بە دوای خۆشەویستیدا مەگەڕێ لێگەڕێ با خۆشەویستی تۆ بدۆزێتەوە.

چەندە جوانە ئەو کاتەی کە بە خۆشەویستیەوە دەژیت دڵت پاکژ کردۆتەوە لە هەموو کینەیەک بەم جۆرە بە دڵخۆشیەوە ژیان یارمەتیت دەدات خۆتو خۆشەویستیو هەموو ئەوانە کێش بن بەرەو رووت کە خۆشەویستن.

بەدوای خۆشەویستیدا مەگەڕێ لەوانی تر خۆت بە خۆشەویستیەوە بژی.

## ئەستێرەی بیستو چوارەم

که دەنوسین لەگەڵ خۆمان قسە دەکەین چونکە نوسین زادەی رۆحە

هەر کات زانیت بارودۆخ بە جۆرێکە کەس گوێت لێناگرێت یاخود کەسانی شایەنی لێنییە بۆ گوێ گرتنت بنوسە بنوسە هەتا ئەوتوانیت بەم جۆرە خۆت خالی دەکەیتەوە لە هەموو ئەو بیرۆکەو بۆچونانەی کە لە ناخدا پەنگیان خواردۆتەوە.

نوسین کارێکە هەمووان ناتوانن ئەنجامی بدەن

# ئەستێرەی بیستو پێنجەم

لەناو هەموو ناشرینیەکانی دونیا تۆ جوانەکەیان بە .

بێگومان خودای گەورە خۆی فەرمویەتی کەمرۆڤی لە جوانترین شێوە دروست کردوە بەڵام هەلەکە لە ئێمەیە کە رێزو نرخی ئەو جوان بوونە ناگرین ئەمەش لێرەدا هەڵەکەیە پێویست ناکات لە بەرانبەر هەموو شتو هەموو بارودۆخێکدا رەخنەمان هەبێ دە لێ گەرێ لێی گەڕێ با بۆ جارێکیش بێت هەموو شت بە پێی سروشتی خۆی بروا بە گەشبینەوە هەنگاو بنێ با ببیتە نمونە جوانە چاکە باشەکە.

ئەگەر جوانیت ون کرد لە ناخی خۆت بۆی بگەرێ .

# ئەستێرەی بیستو شەشەم

فێری هونەری سکوت بە ئەگینا ناتوانین چێژ لە وشەکان ببینیت.

هەموو شتێک دژەکەی دەتوانێت گرنگیەکەی دەربختان بە کورترین دێر دەری ببەرم ئەوەیە کە تا نەبوون نەبێت نرخی هەبوون نازانین .

نەبوونیش جوانە ئەگەر بای ئەوە ئاقل بیت سودی لێوەربگریت .

## ئەستێرەی بیستو حەوتەم

پێت سەیر نەبێت کە ڕووداوێک دوو جار دەبینیت لە ژیانت لەوانەیە ژیان بیەوێت تاقیت بکاتەوە بزانێت ئایا ئاقڵ بوویت؟

هەلەکانی ژیانت بە ئاقلی بەکار بهێنە ،ڕووداوەکان بە قازانجی خۆت بەکار بهێنە هیچ هەڵەیەک دوو جار دووبارە مەکەرەوە پێویست ناکا بلێت دە جار دووبارەی دەکەمەوە ئەوە زیرەکی نییە ئەوە گەمژەییە سودو ئەزموون وەربگرە لەو هەڵانەی لە ڕابردووت کردووتن .

ئەزموون وەرگرە لە هەموو شتێک

ئەستێرەی بیستو هەشتەم

ئەگەر فێر نەبیت سوپاسی خودا بکەیت لە بەرانبەر ئەو شتانەی کە کە پێی بەخشیویت ئەوا ناچار دەبیت داوا لە خودا بکەیت ئەوەی بە دەستەوەیە لێت نەستێنێت.

فێری هونەری سوپاس کردن بە غرور مەبە سوپاس بکە لە بەرانبەر شتە جوانو باشو سادەکان سوپاسی خودا بکە لە بەرانبەرلەش ساغیت سوپاسی خودا بکە لە بەرانبەر ئەقلت،پیشەکەت،خێزانەکەت ئەگەر دابنیشیتو نەبونیەکانی خۆت بژمێریت بە دەست ئاوا ناچار دەبیت کاغەزو پێنوس بگریت بە دەستەوە بۆ ئەوەی شتە باشەکانی خوداش بژمێریت و سوپاس گوزار بیت.

نرخی هەر هەناسەیەکت بزانە لەم دونیایەدا

## ئەستێرەی بیستو نۆیەم

با رووکەشیشت وەکو ناخت جوان بێت ،رەنگدانەوەی ناخی خۆت بە باشی بکە نەک بە خراپی .

مرۆڤ کە مەسحی خراپەی لە ناخی خۆی کرد ئەوا وەکو نورێک دەمێنێتەوە و هەست بە لەش سوکی دەکات دەتوانێت شتە جوانەکانی دوونیا ببینێت درک بەوە دەکات کە ئەو رۆژانەی لە رکو کینەدا بەسەری بردوون تەنها بە هەدەر دانی ژیانی خۆی بوە.

جلی ناخیشت بگۆرە ئەگەرنا بۆگەن دەبێت

## ئەستێرەی سییەم

کە دەڵێن وا بژی وەک ئەوەی سبەی بمریت جوانی قسەکە لێرەدایە کەتۆ بەوە تێبگەیت کە رێبواری رێگەی ئەم دنیایەت و ئەگەر بمریت ئەوا چاکەی ئەمرۆت دەبێتە شەفاعەت بۆ قیامەتت ئەگەر بمێنیت ئەواچاکەی ئەمرۆت سبەی دێتەوە رێگەت.

فێری چاکەو بەخشینی بێبەرانبەر بە کەس بەوە کەمی نەکردوە بەڵکو زیادی کردوە چەند جوانن ئەوانەی کە ئامادەن هاوکارو یاوەری ئەوانی دی بن لە بێ بەرانبەر چەند جوانن ئەوانەی هەر لە ئەزەلەوە ناخێکی پاکو جوانیان هەیە چەندە جوانن ئەوانەی میهرەبانیان گەورە ترە لە رکو کینەو بوغزیان .

وا بژی وەک ئەوەی سبەی دەمریت.

ئەستێرەی سیو یەکەم

مرۆڤ کە ناخی پڕ بوو جگە لە کاغەزەکان هیچ هاوارێک ناتوانێت ناخی بەتاڵ بکاتەوە.

ڕەنگە هاوارەکان بە دەیەها مەتر ببڕن بەلام نوسینی کاغەزەکانو بابەتە نوسراوەکان بە ئاسانی دەتوانێت هەزارەها میل ببڕێت لە باکورو باشورو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا دڵنیابە دەکرێت بە هۆی دێڕێک نوسینەوە بگەیتە ئەوپەری جیهان .

نوسین ڕەنگدانەوەی ناخمانە.

# ئەستێرەی سیو دووەم

مرۆڤ ئەگەر ناخی پاک بوو،تەنانەت لە خودی هەناسەکانی خۆشی دەتوانێت هەست بە ڕووداوەکانی سبەی بکات.

وەرن با ناخەکانمان ئەوەندەپاکژ بکەینەوە تاکو بتوانین پێشبینی سبەی بکەین با بە جۆرێک هەڵسوکەوت و میهرەبان بین ئەمرۆ بتوانین سبەینێیەکی جوان درووست بکەین و قبولی بکەین بە هەموو بونمانەوە.

هەمیشە پاک بە لەگەڵ خودی خۆت.

ئەستێرەی سیو سێیەم

ڕۆژەکانی ڕۆژمێرەکەت نە ڕۆژە لە دەست چوەکانتو نزیک بوونەوەت لە مردن دەسەلـمێنن نە ڕۆژانی گەورە بوونی تەمەنت دەسەلمێنن بەڵکو لە هەردوو بارەکەتدا تۆ دیاری دەکەیت چۆن بێت.

ڕۆژەکانت بە ئارامیو سەرکەوتوانە بەسەر ببە لە شکست فێری ئەزموون بە مەروخێ خەم مەخۆ بە شتە کاتیەکانی ژیان بێگومان ژیان وەکو تەختە کلیلی پیانۆ وایە ئەگەر هەردوو بارەکە نەبن ئەوا ئاوازێکی جوان دروست نابێت بۆیە هەموو ڕۆژەکانت بە ئەزموونو دڵخۆشیەوە بەسەر ببە با لە دەستت نەچن.

خەم مەخۆ لەو شتانەی لە دەستت دەچن .

# ئەستێرەی سییو چوارەم

ئەزموونەکانی رابردوو بکە بە چرای سبەینێ .

ئەگەر تۆ ئامادە نیت لە رابردووت بێیتە دەرەوەو هەمیشە لەگەڵیان دەژیت خەمیان لێدەخۆیت ئەوە بزانە هەرگیز بەهاری تۆ نایەت هەمیشە لە زستاندا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی تەواوی لقو رەگەکانیشت لە بن دێنو مانایەکت نامێنێت بۆ ژیان چراکەت هەڵبکە رابردوو بکە بە ئەزموونبا گەشە بکەیت.

ژیانت کاردانەوەی بیر کردنەوەکانتە.

## ئەستێرەی سیو پێنجەم

سەرکەوتن تەنها ناوبانگ نییە سەرکەوتن رازی بوونە لەگەڵ نەفسی خۆت.

ئەگەر پێت وابێت کە سەرکەوتن بە ستراوەتەوە بە بەناوبانگ بوونتەوە ئەوە زۆر هەڵەیت ،چونکە زۆرن ئەوانیە بە ناوبانگن بەڵام ناوبانگێکی هەڵە ناوبانگێکی بێ فایدە ناوبانگێک جگە لە زیان هیچ سودێکی تری پێنەگەیاندون ،کە ناوبانگت هەڵبژارد بزانە کە ئەبێت کردارەکانت جوانبن چونکە کارەکانی تۆ رەنگ دەداتەوە لە کارو کردەوەی ئەوان مەبە بە نمونەیەکی ناشرین.

لە پێناو ناوبانگ رێگای هەڵە مەگرە بەر.

# ئەستێرەی سیو شەشەم

هەمووو سەرەتایەک لە بیرۆکەیەکەوە بوە.

بیرت بێت کە سەرەتاکانی کار کردنی تۆ لە ئەنجامی بیرۆکەی ناو مێشکی تۆوەیە ،هەرگیز مەوەستە لە بیرکردنەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بیرۆکەکانت جێبەجێبکەیتو هیچ کاتێکیش فەرامۆشیان نەکەیت هەر ئێستا کاغەزو پێنوسێک بێنەو بیرۆکەکانت بنوسەو بیانکە بەراستی ڕێگە بدە خەیاڵەکان ببنە راستی ئەمرۆ رۆژی تۆیە.

لێگەرێ با بیرۆکەکانت لە دایک ببن.

## ئەستێرەی سیو حەوتەم

هەموو شتێک مەحالە تاکو دەبێتە راستی

خەیاڵەکانت بەدی بهێنە وەکو لە نویسینی پێشوو ئاماژەمان پێدا لەوانەیە ئێستا بیر لە کارێک بکەیتەوە کە رەنگە بیکەیت گاڵتەت پێبکەن رەنگە بیکەیت پێت پێبکەنن بەڵام ئەوە تۆی کە دەبیتە خاوەنی ئەو شتەی کە پێی دەڵێن مەحالو دەیکەیت بەراستی مەوەستە خەیاڵەکەت بەدی بهێنە.

لە هەنگاونان مەترسە.

ئەستێرەی سیو هەشتەم

با خەونەکانت گەورە بن ،بەو جۆرە ویستت زیاتر دەبێت زیاتر گەشە دەکەیت.

ئەگەر خەونی بچوک ببینیت بێگومان بە بچوکیش بەرەو پێش دەچیت بێگومان ویستی گەورەت نابێت لە سەرکەوتنو مەترسی گەورە دەترسیت بەڵام هەرکات خەونەکانت گەورە بوون بەدەست هێنانەکانت گەورە دەبن ،ویستت گەورە دەبێت خودت گەورە دەبێت .سەرکەوتنو مەترسیەکانیشت گەورە تر دەبنو بەهێز تر دەبیت.

رێژەی ویستت ئاستی سەرکەوتنت دیاری دەکات

## ئەستێرەی سیو نۆیەم

ژمارەی کتێبەکان لێهاتویت پشان نادەن کار کردن پێیان لێهاتویت پشان دەدەن.

گرنگ نییە لە ساڵێکدا ١٠٠ کتێب یاخود پێنج یان دوو کتێب بخوێنێتەوە ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە کە لە خۆت بپرسیت چی فێر بوویت ؟! ئایا ژمارەی لاپەرەو کتێبەکان تا چەند گرنگیان بۆ تۆ هەبوو ؟ ئایا لە هەر دێرێککە خوێندوتەوە چی فێر بوویت چیت لە خۆتدا چاک کرد ؟؟ ئەمە گرنگی بابەتەکەیە نەک ژمارەو ڕێژە.

لە هەموو شتێک شتێک وەربگرە لە کتێبەکانیش دێرێک وەربگرە .

# ئەستێرەی چلەم

ژیان ئاسان نابێت تەنها ئەوەیە بەرگەگرتنی تۆ و هێزی تۆ زیاد دەکات.

هەڵەیت ئەگەر پێت وابێت ژیان ئاسان بوە نانا ئەزیم تەنها ئەوەیە کە تۆ هێزو بەرگە گرتنت زیاد بوە ئەگینا بە بەراورد بە رابردووت لە راستیدا ئێستا تەنگو چەڵەمەو درکەکانی ڕێگاکەت گەورە تروزۆرترن بۆیە پێت ئەڵێم پیرۆزبایت لێدەکەم کە توانیت بەو جۆرە سەرکەویت بەسەر هەموو ناخۆشیەکاندا پیرۆزبایت لێدەکەم کە توانیت سنورەکان ببەزێنیتو تا بەررزای حەوتەمین ئاسمانەکان برۆیت.

با ڕێگریەکانی ڕێگاکەت درک نەبن خەنجەر بن قەیچێکا تۆ بەهێزیت.

# ئەستێرەی چلو یەکەم

لە خۆتەوە دەست پێبکە چاوەڕێ مەکە بارودۆخەکە بە دڵی تۆ بێت .

ناکرێت تۆ لە هەموو شت بەهانە بگریت و چاوەرێ بکەیت بارودۆخەکان باشتر ببن ئەگەر چاوەرێی سبەینێ بکەیت دڵنیابە سبەی قەت نایەت چونکە هەمیشە سبەی دەبێتە ئەمرۆ و رۆژی دواتر دەبێتە سبەی بۆیە هەرگیز چاوەرێ مەبە هەر ئێستا هەنگاو بنێ مەترسە لە شکست شکستەکان تۆ دروست دەکەن ئەگەر بزانیت چۆن بەسەریدا زاڵ دەبیت تۆ بەهێزیت دڵنیابە چونکە ئەوەندە بە شەنس بویت لەنێوان ملیۆنان تۆو جەنگایت و بویتە کۆرپەلە کەواتە ئەوەندەش بەهێزیت کە ملیۆنان شکست لە رێگاکەت دوور بخەیتەوەو بیکەی بە پلەی پلیکانەو سەربکەویت بەسەر هەموویاندا.

ئێستا دەست پێبکە

# ئەستێرەی چلو دووەم

هەنگاوی یەکەمی خۆت بەراورد مەکە بە هەنگاوی بیستەمی کەسێکی دی.

لەوانەیە بە رووکار کەسە سەرکەوتوەکان وا دەربکەون کە قۆریەکەی عەلادینیان لە بەردەم بوەو وتویانە ئەمەمان دەوێت یەکسەر هاتۆتە بەردەمیان بەڵام نانا با من پێت بڵیم کە زۆر هەڵەیت هیچ کەس لە خۆیەوە گەورە نەبوە هیچ نەگەشتۆتە لوتکە بە بێقوربانی دانو ماندوو بوون و هەموو ئەو شتانەی بە خەیاڵی تۆدا دێت کاری باش قوربانی دەوێت دڵنیابە کەسە سەرکەوتوەکان لەبەر دانەرمانی تۆ لەوانەیە سالانی شکستەکانیان باس نەکەن نەک لەبەر ئەوەش تەنها بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوان بە خۆشەویستیەوە لەگەڵ هەر هەموو ئەو شکستانە ژیاونو چێژیان لێبینەوە .

چێژ وەرگرە لە شکستەکان چونکە وەکو یاری شەترەنج وایە .

ئەستێرەی چلو سێیەم

پەلە مەکە لە چرۆ کردن  هەر گوڵەو کاتی خۆی دەپوشکوێت .

هەموو گوڵەکان لە کاتو ساتو وەرزی خۆیاندا چرۆ دەکەنو دەگەشێنەوە کە تۆ گوڵیکی بەهارە بیت نابێت چاوەرێ بیت لە وەرزی زستاندا ،لە هەمانکاتدا گوڵی زستانە بۆ بەهار نابێت دڵنیابە هەر یەکەو گرنگی خۆی و جوانی خۆی هەیە خۆت بەراورد مەکە بە کەس بە رابردووی خۆت نەبێت .

چاوەرێی وەرزی خۆت بکە بگەشێرەوە.

# ئەستێرەی چلو چوارەم

داوای خۆشەویستی مەکە لەوەی خۆشت دەوێت ئەگەر خۆشی بوێیت بەڕاستی خۆی ئەو کارە دەکات.

لەم رۆژانە جوانتری قسە بینیبێتم ئەوەبوو کە دەڵیت داوای هیچ شتێک دووجار مەکە لە خودا نەبێت جوانی قسەکە لێرەدایە فێربین خۆمان بەمو بەو هەڵنەواسینو رازی بین بەوەی دەیکەن پێویست ناکا مێشکی خۆت بە شتە بێبەهاکانەوە خەریک بکەیت ئەوەی تۆی بوێت گرنگی بە خودی خۆتو کارەکانت دەدات پێش ئەوەی داوای هەر شت لە هەر کەس بکەیت فێربە خۆت ئەو شتەت بەرانبەر خۆت هەبێت بەو جۆرە ئەوانی تریش هەمان شتیان بەرانبەرت دەبێت.

لەوەتەی خۆمم خۆشدەوێت خەڵکیش خۆشیان دەوێم.

# ئەستێرەی چلو پێنجەم

هەرکاتێک هەستت بە غرور کرد بیرت بێت کە ڤایرۆسێکی بچوک دەتوانێت چەندان هەفتە لەناو جێگە بتهێڵێتەوەو بگرە دەتوانێت لەناویشت ببات ببات بۆیە غرور مەبە .

خۆت بە گەورە مەزانە،ناڵێم خۆتت پی بچوکو بێدەسەڵات بێت جیاوازی نێوان بابەتەکان بکەو بە ئەو پەری تێگەشتنەوە ئەم دێرە بخوێنەوە ئەگەر پێویست دەکات کتێبەکە داخەو ساڵێ تر بیخوێنەوە یاخود سێ جاری تر ئەم دێرە بخوێنەوە تاکو بە تەواوی لە مەبەستەکەم تێدەگەیت غرور مەبە وا مەزانە ئەوەی ئەمرۆ هەتە تا دنیا دنیایە ئەدبێت با پێت بڵێم لەوانەیە لە چرکە ساتی دواتردا هەموویت لە دەست بچێت زۆر لەوە دڵنیا ببەوە ئەزیزەکەم بەڵکو ئەوانەی هەتە خۆشت بوێ خۆشت بوێ لە ناخی دڵتەوەو پارێزگاریان لێبکەو یارمەرتی خەڵکی پێبدە .

بچوکێکی گەورە بە وابکە کە ناوتیان بیست ئارامم ببنەوە .

ئەستێرەی چلو شەشەم

تەنانەت بریارە راستەکانیش دەبنە هەڵە ئەگەر بێتو لە کاتی راستدا نەیاندەین .

بە پێی ئەوە زیرەک بە کە بزانیت هەر بریارێک بۆ چ کاتێک گونجاوە مەترسە ،عەتفو سۆزت بخە ئەو لاوە ئەوەی گرنگ بێت بریارەکەتە ئێستا بریار بەو بەرەو پێش برۆ لەوانەیە ئەو بریارەت تەواوی ژیانت بگۆرێت بۆ هەمیشە لەوانەشە ئەگەر خۆتی لێبێدەنگ بکەیت ئەوا بۆ تەواوی ژیانت بە پەشیمانیەوە بژیت بۆیە مەترسە و هەر ئێستا بریار بدە.

تۆ بریاری ژیانت بدە نەک ژیانت بریاری تۆ بدات

# ئەستێرەی چلو حەوتەم

وارن بافت دەڵیت
گەمژەیەک بە پلانەوە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت بەسەر زیرەکێکی بێ پلان .

بەڵێ منیش وا دەڵێم چونکە بە پلان دەتوانیت خۆت لە گەمژەی رزگار بکەیتو بەرەو زیرەکی برۆیت بەڵام دڵنیابە بە بێ پلانی دەتوانێت بە جۆرێک بتروخێنێ کە ئەگەر زیرەکترین کەسی سەر زەویش بیت بتکا بە گەمژە ترین

ئەگەر خۆت پلانی خۆت دانەنا کەواتە دەبێت چاوەرێبیت بکەویتە پلانی ئەوانی ترەوە.

# ئەستێرەی هەشتەم

هەرکاتێک پێیان وتبێتم جوانترین دێریان بۆ بنوسم نوسیومە

وماكان ربك نسيا

دەزانی گرنگت ئەم دێرە لە چیایە وەرە با پێت بڵێم ئەم دێرە دەکرێت هەموو کاروبارەکانی دونیای پی بەڕێوە ببریت چونکە ئیتر مرۆڤ بە ئاگا دەبێت لە هەموو کارو کردەوەو رەوشتو هەڵسوکەوتی بەباشو بە خراپ دەزانێت کە خودای گەورە هیچ کات هیچ شتێکی بیر ناچێت ئەگەر باش بکات ئەوا خودای گەورە پاداشتی بۆ دەنوسێتو ئەگەریش خراپی کرد کەواتە بە خراپە بۆ خۆی دەگەڕێتو بێگومان پەروەردگارا هیچ شتێکی بیر ناچێت .

ئەگەر کارت کرد لەبەر رەزامەندی خودا خەلکیش رەزامەندن .

ئەستێرەی چلو نۆیەم

**وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ**

خودای گەورە هەمیشە لێمان نزیکە شیرینەکەم ئێمە باشو خراپو زولمو یارمەتیو هەر شتێک بکەین ئەوا خودای گەورە خۆی بیسەرو بینەر دەبێت بەسەرمانەوەو دەیبینێت هەرگیز پێت وانەبێ تەنهایت تەنانەت لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانت مەڵ بێکەسم خودا خۆی هەموو شتێک دەبینێتو لاتەو لێتەوە نزیکە ئەو کەسی هەموو بێکەسەکانەو لامانە لێرە نزیکە لە دڵو رۆحمان

دەرەوە مەگەڕێ بۆ خودا.خودا لێرەیە لەناو دڵمان.

# ئەستێرەی پەنجایەم

وأن ليس للإنسان إلا ما سعى

بێگومان کە تۆ زۆر باش لەم دێرە تێدەگەیت دڵنیایت دەکەمەوە بارودۆخەکە چەندە سەختیش بێت ئەگەر خودای گەورە لیت رانەبینێت ئەوا هەرگیز ئەو بارەت بەسەردا نادات بۆیە ئەبێت دڵخۆش بیت چەندە بارت گران بێت کەواتە تۆ زیاتر خۆشەویستتری لای خودای گەورە بە ناخۆشیەکانتەوە بژی و رێزی لێبگرە دڵنیابە رۆژە خۆشەکان بۆ تۆ مسۆگرەو چاوەرێتن .

ئەگەر شتێک لە تواناى تۆ نەبێت خودا نایخاتە سەرشانت .

## ئەستێرەی پەنجاو یەکەم

بەهاراتی خۆشەویستی لە هەر شتێکدا بوو ئەو شتە تامی خۆشتر دەبێت .

بەخۆشەویستیەوە کارەکانت بکە ،بەخۆشەویستەوە لە خەو هەڵبستە بە خۆشەویستیەوە هەنگاو بنێ زەردەخەنە بکە ،دڵنیابە هەر جێگەی خۆیان دەگرنو لە ئێستاشدا نەبێت هەر رۆژێک بێت ئەنجامەکەی وەردەگریت .

کلیلێکی تری خۆشبختی خۆشەویستیە .

# ئەستێرەی پەنجاو دووەم

با قسەی خەڵک تا ئەو کاتە بۆت گرنگ بێت کە سودی  دەبێت بۆت .

گوێ بە قسەی خەڵک مەدە تەنها ئەو کاتانە نەبێت کە خاڵە نیگەتیڤەکانی خۆتت پێ ئەڵێن لەمەیاندا پێت دەڵێم زیرەکو بەتەماح بە لەمەیاندا تەنها ئەو قسانە وەربگرە کە دەزانیت فعلە خاڵی لاوازی تۆن و چاکیان بکە لەوە بە دوا گوێ لە هیچ قسەیەکی تر مەگرە ،ئەمە وەک ئەو مەسەلەیە کە دەڵێت کابراکە ماڵەکەی سوتا کەچی دەستی کرد بە خەڵوز فرۆشتن تۆش بەم جۆرە بە .

لە خراپەکانیش سود وەرگرە.

# ئەستێرەی پەنجاو سێیەم

هیچ شتێک تا کۆتای نامێنێتەوە.

مرۆڤەکان لە دایک دابنو دەمرن ،خۆشیەکان دێنو دەڕۆن ،ناخۆشیەکانیش دێنو دەڕۆن هەموو شتێک لە دونیادا کاتیە

ئەمرۆش تێدەپەڕێت

## ئەستێرەی پەنجاو چوارەم

دونیا هەمووی هیچ و ئەهلی دونیا هیچ
کەواتە لەپێناو هیچ خۆت مەکە بە هیچ

کە دەزانیت لە دونیایەکی کاتیدا دەژیت نەک هەمیشەی کە دەزانیت هەموو کەون بۆ تاقی کردنەوەی تۆ خولقاکەوە کەواتە بۆ خۆت ناشرین دەکەیت لە بەرچاو ئەو هەموو هیچەدا ،گوێگر بە یارمەتیدەر بە ژیر بە بەڵام کار لەسەر شتانێکی بێئەنجام مەکە ،دڵی ئەمو ئەو لە خۆڕا مەشکێنە.

ژیان کاتیە .

## ئەستێرەی پەنجاو پێنجەم

ئەگەر لەگەڵ هەموان ئاڵۆزیت هەر نا لەگەڵ خودی خۆت سادە بە.

کە بونیادەم لە خودی خۆی تێنەگەشت کەواتە لە هیچ شتێکی تر تێناگات ،گرنگترین شت تێگەشتنە لە خود تێگەشتنە لە ویستی خۆت بزانیت کێی چیت ،چیت دەوێت و بۆ دەژیت بەو جۆرەش خەڵکیش لێت تێدەگات .

سادە بە بە سادەی هاتویە دونیا.

ئەستێرەی پەنجاو شەشەم

دەڵێن بە هێواشی هەنگاو بنێ بەڵام مەگەرێرەوە بۆ دواوە.

ئاساییە هەنگاوەکانت لە سەر خۆ بن بە وریایەوە بن بە ئارامی و بە نەرمیەوە بیانێیت بەڵام مەگەرێوە بۆ دواوە کەوان لە تیر ناگەڕێتەوە دواوە تەنها لە ماوەی کەوانەکەی هەموو وزەو تینی خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی هەنگاوەکەی بهاوێت بۆ پێشەوە تۆش هەمان یاسا پەیڕەوبکە.

پێشڕەو بە لە هەنگاونان مەترسە.

ئەستێرەی پەنجاوحەوتەم

تەنها خۆت بەرژەوەندی و باشو خراپی خۆت دەزانیت رێگە بە کەسی تر مەدە بریارت لەسەر بدەن .

ئەگەر رێگەت دا کەوچکەکەیان بکەنە قاپی ژیانتەوە کەواتە ئەبێت چاوەرێش بیت خواردنی ژیانت تامی کەوچکەکەی ئەوان بگرێت بۆیە رێگە بە دەستتێوەردانی دەرەکی مەدە لە ژیانت تاکو بە تەواوی دلنیا نەبیتەوە ئەمە سودی بۆت دەبێت یاخود نا ،لەمەیاندا خۆ ویست بە.

ژیانت سوێر مەکە.

ئەستێرەی پەنجاو هەشتەم

بەخشەرو یارمەتیدەر بە بەڵام بەکارهێنراو مەبە

ئەوە ئاساییە یارمەتی ئەوانی دی بدەیتو هاوکاریان بیتو پێیان ببەخشیت بەڵام نەک ئەوەی ببیت خزمەتگوزاری بێبەرانبەر هەرکات بیانەوێت سودت لێوەبگرنو کەی نەیانویستیت پاڵت پێوە بنێن

بزانە هاوکاریەکانت پێشکەشی کێ دەکەیت

ئەستێرەی پەنجاو نۆیەم

ویستەکانت نازناوەکەت دیاری دەکەن

بزانە دڵو رۆحو ویستو بونت چیان دەوێت ئەوە هەموو ئەوانەن کە تۆ دیاری دەکەن دەبیت بەچی و نازناوت چی لێدێت تەنانەت ئەو خوێندکارانەی کە پێیان وایە ناویان لە بەشێک هاتۆتەوە بە دڵو خواستی خۆیان نەبوە بە خواستی خۆیان بوە چونکە ئەگەر کۆتا هەڵبژاردنی لیستەکەشیان بوبێت ئەوا سەرنجام یەکێک بوە لە هەڵبژاردنەکانی خۆیان .

ئاگاداربە چی هەڵدەبژێریت چونکە ئەوە دەبێتە ناسنامەت.

# ئەستێرەی شەستەم

دەڵێن کاری باش بکە تاکو ئەوانی دی چاوت لێبکەن .

کە تۆ خۆت کردوە بە مەضدەری خراپەکاری بە پۆستەکانت یان هەلسوکەوتو قسەکانت چاوەڕێش مەبە ئەنجامی کارەکانت شتی باشی لێسەوز بێتو خەڵک دەست خۆشیت لێبکەن دڵنیابە رۆژێک لە رۆژانە هەموو خراپەکان یەخەت دەگرنەوە بۆیە تا دەتوانیت کاری باشو نایاب بکە کە بویت بە نمونەی باش شوێنکەوتەی باشیشت دەبێت .

بزانە چ کارێک دەکەیت .

# ئەستێرەی شەستو یەکەم

هەر کاتێک هەستت کرد کە بێکەسێکی تایبەت ناژیت
کەواتە بەتەنها بژی.

بە تەنها بژیت کاتێک ئەو هەستەت هەبووبۆ ئەوەی بەسەر ئەو هەستە زاڵبیت کە لە ناخەوە پێت دەڵێت ناتوانی بەبێ ئەو بیت دڵنیابە دەتوانیت بە بێ ئەو بیت ئێمە لەسەر ویستی خودای گەورە هاتوینە دونیا نەک لەسەر ویستی ئەموو ئەو .

هەندێک جار پێویستە دژی هەستەکانی خۆشت بجەنگیت .

ئەستێرەی شەستو دووەم

هەموو شتێک بێسود نییە هەموو شتێکیش بە زیان نییە .

دڵنیا بە هەر شتێک کە لە دەوروبەرمان دایە بە هۆکارێک دروست بوە ئاقل تۆی کە بتوانی لە ناو بە ناو بێسودەکانیش کەڵک وەربگریت بۆ نمونە بە نەبونی ئەو خراپو بێسودانە کەواتە تۆ دەبیت بە براوە .

نەبونیش بۆ خۆی نیعمەتە

ئەستێرەی شەستو سێیەم

پێڵاوی باش لە پێبکە تاکو بتبەن بۆ شوێنی باش .

ساڵانێک بەر لە ئێستا سەیری درامایەکم ئەکرد ئەم قسەیەم بەر گوێ کەوت لە راستی دا سەرەتا وا لێی تێگەشتبووم مەبەستی خودی پێڵاوی کەشخەو تازە بێت بەڵام نا لە راستیدا مەبەستی ئەو لەوە بوو کە ئەگەر بنیادەم ئامانجو نییەتی دڵی پاك بوو ئەوە سەرئەنجام دەیگەیەنن بە شوێنێکی باش .

با پێڵاوی ئامانجەکانت پاک بن .

# ئەستێرەی شەستوچوارەم

هەموو شتێک باشەکەی وەرگرە.

رۆژانە دەبینیتو دەبیستیت بەڵام تکایە تۆ باشەکە وەرگرە دەروونی مرۆڤ وەکو گەڵای درەختەکان وایە کە خۆڵی لەسەر دەنیشێتو شەونمی بەیانیانیشی لەسەر دەنیشێت بنوارە خۆلەکە چەندێک رەنگو رووی ناشرین دەکاتو شەونمەکە چەندێک میهرەبانی پێدەبەخشێت بۆیە لە هەموو شتێک باشەکەی گەلبژێرە ئەگەر خراپەکان بگریتە خۆت ئەوا ناخت دەخنکێت.

خۆڵ یان شەونم ؟؟!

# ئەستێرەی شەستو پێنجەم

یارمەتی دەر بە ڕووخێنەر مەبە .
قوربانی سەروەرمان بم کە فەرمویەتی :

مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ
ئەوەی بروای بە اللەو رۆژی دوای هەیە با خێر بڵێت یاخود بێدەنگ بێت .

ئەگەر توانیت چاکو باشی بکەیت ئەگەر توانیت وزە بەخش بیت ئەوا قسە بکە ئەگەر نا بێدەنگ بە بێدەنگگگگ.

قسەکردن هەموو کات پێویست نییە.

ئەستێرەی شەستو شەشەم

وەکو گوڵبە لە کاتی وەراندنیش هەر جوانی ببەخشەوە.

بە جۆرێک بژی ،تەنانەت مردنەکەشت جوان بێت بۆ ئەوانی تر تەنانەت بە وەبیر هاتنەوەی تۆ وزەو هێزیان بۆ بگەرێتەوە چەندە جوانە کاتێک بیر لە سەروەرمان محمد (د.خ) دەکەینەوە ئارام دەبینەوە با ئێمەش ژیانێک بژینو بمرین هەر نا نیوەی وەک ئەو بێت.

بمرە بە جوانی.

## ئەستێرەی شەستو حەوتەم

لە تاریکیدا ئەستێرە بدۆزەوە لە ژێر باران خۆشەویستی بدۆزەوە لە ژێر کلۆی بەفرەکانیش گوڵ بدۆزەوە .

جوانی لە هەموو شوێنێکو هەموو کاتێکدا دا هەیە ئەوە تۆی کە چاوێلکەکەت پاک نەکردۆتەوە ناتوانی ببیبنیت هیوا لە هەموو شوێنێک هەیە بۆ ئەوەی بە هیوا بین پێویست ناکا لە دووی بگەرێین تەنها ئەوە بەسە لە ناخی خۆمان هەستی پێبکەین .

هیواکەت دۆزیەوە ؟!!

## ئەستێرەی شەستو هەشتەم

بۆ ئەوەی هەق بدۆزیتەوە لە کەس مەپرسە خۆت لەدوی بگەرێ ،دڵنیابە دەیدۆزیتەوە هەر لێرەش ئەو شتانەی کە پێمان وایە لە هیچ شوێنێک دەست ناکەون لێرەن لە ناخی خۆمان بە ئاقلی خەوتون ئەبێت خۆمان خەبەریان بکەینەوە .

چیت لەە ناخت بە ئاگا هێنابێتەوە ئەوە دەبینیت .

## ئەستێرەی شەستو نۆیەم

ئەگەر لە خەو هەستانت بێسود بوو ئەوا هەرگیز هەڵمەستە .

بۆچی دەژیت ؟ بۆچی لێرەیت ؟ چی دەکەیت ؟ پلانی سبەیت چییە ؟ ئەمانە هیچی قورس کردنی کارو بارەکان نین بەڵکو زیاتر ئاگاداربوونتە لە خودی خۆت زیاتر بەرەو پێشچونتە زیاتر ئارامیو زیاد بونی متمانەتە بە خۆت بۆیە پێم بڵێ ئەمرۆ هۆکارت هەبوو تا بە ئاگا بێیت ؟؟

ئەگەر هیچ هۆکارێکت نەبوو با یەکەمین هۆکارت دڵخۆش کردنی کەسانی دوروبەرت بێت .

## ئەستێرەی حەفتایەم

دەگەیتە ئەو رۆژەی کە هیچ شتێک دڵخۆشت ناکات.

ئاساییە ئەو رۆژە ببینیت کە نە هاتنی مرۆڤەکان و نە قسەکانیان و نە رۆشتنیان هیچ کام لەمانە دڵ خۆشت نەکات ئەوەشی بە دەستی دەهێنیت چونکە لە کاتی خۆی نەبوە دڵخۆشکەر نەبێت ئاساییە بەڵام ئەوەی ئاسای نییە ئەوەیە کە بەردەوام بێت ئەم هەستە ،هەرگیز ڕێگە مەدە بەردەوام بێت ئاقڵانە بژی.

هەرگیز هەستت بەوە کردوە کە هەست بە هیچ شتێک نەکەیت؟

ئەستێرەی حەفتاو یەکەم

دەڵێت ئەگەر خودا لەگەڵ ئێمە بێت ئەی کێ لەگەڵ ئەوانە ؟

دەڵێم خودا لەگەڵ هەقە

با ئەم بابەتەیان ئەوەندە کورت بێت ....

ئەستێرەی حەفتاو دووەم

هاورێ باشەکانت وەکو تەندروستیت وان ،نرخیان بەتەواوی نازانیت تاکو لە دەستیان نەدەین.

هاورێ باشەکان سەنگینن،زەنگینن بە مانای وشە گرنگن هەرچەندە گرنگییان پێبدەیت کەمە چونکە لە ئەوان بەشێک بوون لە سەرکەوتنو باشی و جوانی تۆ .

هاوڕێکانت لە کام بەرەیەن؟؟

ئەستێرەی حەفتاو سێیەم

لەوانەیە لەوان شازتر نەبیت بەڵام کێ ناڵێت لەوان باشترنیت؟؟

واز لە بەراوردکردنی خۆت بێنە بەوانی تر ئەوانەشی پێت وات لە تۆ باشترو شارەزاترن دڵنیابە شەونوخونیان کردوە کاتێ تۆ لە کات بەسەر بردن بوی ئەوان کاریان کردوە کاتێک تۆ بە بیر کردنەوە کوشتوتە ئەوان بیرکردنەوەکانیان جێبەجێ کردوە بۆیە هەرگیز چاوت لە دوای ئەمو ئەو نەبێت دڵنیابە تۆش نایابیت بەڵام بە شێوازی تایبەتی خۆت .

شێوازەکەی خۆت بدۆزەوە بۆ ئەوەی ڕێگاکەت ئاسان ببریت .

## ئەستێرەی حەفتاوچوارەم

تەنها لەبەرەوەی بابەتەکەت بە دڵی ئەوان نییە مانای وانییە کە تۆ شکست خواردووی بەڵکو لەوانەیە ئەوان ئەوەندە گەمژە بن تواناى تێگەشتنیان لە تۆ نەبێت.

هەوڵمەدە لە شوێنی هەڵە تواناکانی خۆت بسەلمێنی لە شوێنی هەڵە ڕاوبۆچونو قسەکانت پشان مەدە کە دەزانیت ڕێزی لێناگیرێت هەر شتەو بۆ کاتی خۆی هەڵبگرە دڵنیابە هەر شتێک لە کاتی خۆیدا نرخو بەهای تایبەت بە خۆی هەیە و ڕێزلێگیراو دەبێت.

کاری گونجاو بۆ شوێنی گونجاو هەڵبگرە.

## ئەستێرەی حەفتاو پێنجەم

مەسەلەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت
خیرا ان تاتی متاخیرا
بدلا ان لا تاتی ابدا

باشترە درەنگ بێت وەک لەوەی هەر نەیەت ،ئارام بگرە رەنگە ئەوەی چاوەڕێیت درەنگ تر بێت،بەڵام هەرگیز گازندە مەکە لە نەهاتن کەسمان لای خوداوە نەهاوین هەڵبەتە وا بۆ ئێمە باشترو گونجاو تر بوە .

بۆڵە بۆڵ لەسەر هەموو شتێک مەکە .

## ئەستێرەی حەفتاو شەشەم

لە پێش هەموو کەسەوە لەگەڵ خۆت باشبە .

پارێزگاری کردن لە ئارامی خۆتو ناخی خۆت و باش بوون لەگەڵ خودی خۆت گەورەترین بەخششو دیاریە بە خۆتی بدەیت ،سەرەتا لەگەڵ ناخی خۆتا پێک وەرەوە برۆ ژورێکەوە لەگەڵ خۆت قسە بکە بگەنە ئەنجام لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە رۆژێک لە رۆژان لە نێوان زەینی ئاگاو ناگات ناکۆکییان بوە .

کەی بوو کۆتا جار لەگەڵ خۆت قسەت کرد .

# ئەستێرەی حەفتاو حەوتەم

ئاساییە پلانەکە بگۆریت بەڵام ئامانجەکە مەگۆرە.

ئەو رێگایەی لەخوارەوە گرتوتە بەر بۆ گەشتن بە لوتکەکە گرنگ نییە هەرچیەکە چونکە لە کۆتایدا پەیژەوپلیکانەو پلیکانەی کارەبای و بەرزکەرەوە دەتگەیەنن بە سەرەوە بەڵام ئایا کامیان زووتر ؟ کامیان بۆ هەموو بارودۆخێک دەگونجێ کامیان بۆ ئێستای تۆ گونجاوە مەرج نییە خێراترین لەگەل بارودۆخی تۆ گونجاو
بێت

رێگاکەت دۆزیەوە ؟

## ئەستێرەی حەفتاو هەشتەم

هەموو کەس مەکە بە کەست تەنها یەک کەست هەبێت لە کاتە تەنهایەکانت لەگەڵت بێت.

دەکرێت بە سەدان هاوڕێمان لە تۆرە کۆمەڵایەتیاکان هەبێت دەیان تریش لە دەرەوە بەڵام کە دڵتەنگین یاخوف تەنهاینو خەمێکمان هەیە کەس شک نابەین پەیوەندیەکی پێوە بکەین کەواتە ئەمە هەڵەی هەڵبژاردنی ئێمە دەسەلـمێنێت دیسان بە لیستی هاورێیان بچۆرەوە یەک دوو هاورێ هەلبژێرە هاور رێگات بن بەسە .

هەموو کەس مەکە بە کەست .

ئەستێرەی حەفتاو نۆیەم

با کارو بارەکانت لە جێی خۆی بن کاتەکانت تێکەڵو پێکەڵ مەکە بەسەر یەکتر دا .

خێزانو کارو پیشەو کاتی پشوەکانت بە تێکەڵ نەبن بەسەر یەکتر با هەموو مرۆڤێک تەنها ٢٤ کاتژمێری هەیە بزانە چۆن بەکاری دێنیت ماف بدە بە هەمووی نەک هەمووی تێکەل بکەیت بەسەر یەکدا گونجاو نییە لە کۆرێکی گفتوگۆ خەریکی مۆبایلەکەت بیت لەسەر کار خەریکی تەلەفۆن بیت لەگەل خزمانت لە کاتی پشوو خەمی کارەکەت بێت هەموو شت لە کاتی خۆی دا جوان .

پێش هەموو شت لیستەکانت رێکبخە ئەگەر نا تێکت دەشکێنن .

ئەستێرەی هەشتایەم

فێری نا بە .

بە هەموو شت مەڵی بەڵێ تۆ مامە خەمە نیت ،دڵی هەموان رابگریت گرنگترین بونەوەر لەم بوونە خۆتی،لە دوای خۆتەوە بیر لەوانی دی بکەوە پێویست ناکات کە کارێک بە تەواوی دەزانیت هەڵەیە بەڵام بەسەر خۆتا زاڵی بکەیتو ئەنجامی بدەیت .

بە هەموو شت مەڵێ باش ،باش ؟

ئەستێرەی هەشتاویەکەم

باشە باشە ئەهێنێت .

خراپەش خراپە .

کە بە خراپ رازی بوویت ئەبێ بە خراپتریش رازی بوویت کە یەک جار نەخێرت بۆ کرد بێگومان ئەتوانیت بەرەوە باشە برۆیت کە باشەت کرد باشتر بە دوویدا دێت باشترینیش بە دوویدا دێت بێگومان ئارامیو کۆشش بکە تاکو دەگەیت بە ئەنجام .

تۆ هەڵی دەبژێریت کە چی بیت .

ئەستێرەی هەشتاو دووەم

متمانه چرۆی هیوایه .

متمانەت بە خودی خۆت هەبێت بە جۆرێک کە ئەوانی تریش چاو لە تۆ بکەن ئەوانی تریش حەز بکەن ئەوەی تۆ ئەیکەیت دووبارەی بکەنەوە هاندەربە بە ناراستەو خۆی ،کە متمانەت بە خۆت هەبوو ئەو کات هەست بە نرخو بەهای خۆت دەکەیت .

رێژەی متمانەت بە خۆت رێژەی نرخی خۆتە

ئەستێرەی هەشتاوسێیەم

مۆبایلەکەت بەشێکە لە ژیانت نەک تۆ بەشێک بیت لە ژیانی مۆبایلەکەت .

گونجاو نییە هەر هەستایت لە خەو تا دەچیتە ناو جێگە ژیانت لە سۆشیال میدیا بێت گونجاو نییە چویتە هەرجییەکو هەرچیەکت کرد بۆ خەڵکی بەیان بکەیت دەکرێت ساتە جوانو سەرکەوتوەکانت لەگەڵ ئەوانی تر هاوبەشی پێبکەیت بەڵام نەک ئەوەی کەسێکی ساختە بیت تکایە کەسایەتیت ساختە مەکە تۆ بەو جۆرە جوانیت کە هەیت .

ئەگەر بەو جۆرە دەرنەکەویت کە هەیت ئەوا وات لیدەکەن بەو جۆرە بیت کە دەیانەوێت .

ئەستێرەی هەشتاوچوارەم

بەیانیەکانت لە خۆیانەوە جوان نابن ئەگەر خۆت جوانیان نەکەیت .

هیچ شتێک لە خۆیەوە نایەت کە تۆ بریارت دا ئەمرۆ قسەو هەلسوکەوتی کەس کارت لێنەکەن تەنانەت ئەگەر بێت و خراپیشیان بەرانبەر کردی پێی کاریگەری نەبیت کەواتە تۆ کەسێکی خۆراگریت رۆژەکەت بە پلانی خۆت بە رێوە دەبەیت نەک ببیتە بەشێک لە پلانی ئەوانی دی .

لە پلانی کام بەرەیەیت ؟

## ئەستێرەی هەشتاو پێنجەم

هەمووکات خەمەکانتان بەیان مەکەن

مرۆڤ هەیە هێندەی ئەستێرەکانی ئاسمان خەمی هەیە بەڵام هەرگیز باسی ناکاتو خۆی بە داماو نەگبەت پشان نادات بەڵکو جوانترین زەردەخەنە لەسەر دەمیەتی دەزانیت بۆ چونکە ئەگەر پێکەنینو زەردەخەنە خەمەکان چارەسەر نەکات ئەوا بێگومان خەم خواردنیش چارەی ناکات بەڵکو تەنها بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات دڵنیابە.

لە بەردا گوڵ بچێنە.

ئەستێرەی هەشتاو شەشەم

دەنوسم ،دەنوسمو دەنوسمەوە تا ئەو رۆژەی نوکی قەلەمەکەم لە کار دەکەوێت و چیتر ناتوانێت رازی دلی هەلبرێژێت .

دەنوسم و ئەوەی ناخم دەردەخەم وەک ئەو مندالەی رازی دلی بۆ دایەی باس دەکات

ئەستێرەی هەشتاو حەوتەم

ساڵێک لە دوونیا بە ٥٠٠ ساڵ بژی .

بە جۆریک بە ئاگایو بە ئەزمونەوە بژی کە مێژوو باست بکاتەوە بۆ چەندین نەوە دوای خۆت مەرج نییە زۆر بژیت تاکو هەموو شت ئەزموون بکەیت یەک بابەت ئەزموون بکە بەڵام بە جۆرێک کە خەڵکانی تر تا مێژوو بونی ئەمێنێت بە جوانی باست بکەنەوە

بریارت یاوە مێژوو چەندێک باست بکات ؟

ئەستێرەی هەشتاو هەشتەم

جوانی ناخ یاخود رووخسار .

جوانی ناخ لە کردەوەکانماندا رەنگ دەداتەوە بەڵام ئایا جوانی رووخساریش هەمان شتە ئەمەیان با بۆ خۆت بێت بیری لێبکەوەو بریار بدە .

ڕۆشتنیش جوانە ئەگەرلە کاتی خۆیدا بێت .

ئەگەر پێویستی کرد برۆ ئەگەر پێویستی کرد ون بە ئەگەر پێویستی کرد ئەوە بکە کە ئێستا پێویستە بۆ پاراستنی خۆت ئەوە بکە مەترسە شەرم مەکە سۆزدار مەبە ئاقڵ بە دەست بەسەر ئاوەزتدا بگرە .

رۆشتی یان جارێ ؟

# ئەستێرەی نەوەد

هەموو شت بە سروشتی خۆی جوانە ،
باڵندە بە فرین ماسی بە مەلە کردن .

هیچ کات زۆر لە خۆت مەکە بۆ ئەوەی وەک ئەوانی تر بیت زۆر لە کەسیش مەکە بۆی وەک تۆ بن تۆ بەم جۆرە جوانیت ئەوانیش بە جۆری خۆیان هەموو شت بە سروشتی خۆی جوانە .

ناوازەی لە سروشتدایە نەک ساختەی .

ئەستێرەی نەوەدو یەکەم

ئامانجەکانت با ئەوانە نەبن کە ئەوانی تر پێت دەڵێن
با کۆمەڵە کارێک بن کە خودی خۆت دەیانەوێن .

بیرمە هەندێک کەس ئارەزووی ئەوەیان دەکرد ببنە پەرستار تەنها لەبەرەوەی خەڵک دەڵێن بەشێکی باشە ،هەر بە ڕاستی لەبەرەوەی خەڵک دەڵێن باشە باشە؟؟تا چەند ویستو ئارەزووی خۆت بوو؟ تا چەند خۆتت لەو بەشە ئەبینیتەوە نەک ئەم کارە هەر کارێکی تر ئەگەر دوای قسەی خەڵک بکەویت بۆ کردنی دڵنیابە ئەنجامی باش نابێ .

هەر کارێک کە بریارت داوە بیکەیت لە خۆت پرسیوە بۆ ؟

ئەستێرەی نەوەدو دووەم

درێژداری لە هیچ قسەیە مەکە کە دەزانیت هەق بە تۆ نییە .

مەرج نییە کە قسەزانێکی لێهاتوو بویت کەواتە هەمیشە راست بکەیت ،چونکە لە کۆتاییا نازناوی چەنەبازو ناحاڵی دەبەیتەوە ،لە وشە کان تێبگە ئەو سا وەڵامی بۆ دابنێ هەوڵمەدە هەموو کات براوە بیت براوەی هەموو کاتیش سود بەخش نییە ئەگەر بە ناهەق هاتبێتە کایەوە .

دەمە دەمە کردن تەنها لای گەمژەکان بە سودە .

ئەستێرەی نەوەدو سێیەم

هەموومان لە چێرۆکی یەکێکدا خراپین

لەوانەیە ئەمە راسترین قسەی ئەم کەونە بێت ،هەربەراستی تەنانەت منیش لە چیرۆکی لەوانەیە نەک یەک بەڵکو دەو سەدیش خراپ بم دەزانی بۆ ؟ چونکە هەمووان بە دڵی من نین منیش بە دڵی هەموان نیم من ئەوە ناکەم کە ئەوان پێیان خۆشە ئەوانیش ئەوەیان پێقبول ناکرێ کە من ئەیکەم ،لەبەر ئەوەی هەرگیز بیر لەم کۆمەڵەی ژیانم ناکەمەوە بەڵکو سریومنەتەوە،وە دڵنیاشبە ئەگەر بابەتەکە بێتە سەر گفتوگۆ ئەوان کۆمەڵە هۆکارێکیان هەیە بۆ بە دڵنەبوونی من ،منیش کۆمەڵە هۆکارێکم هەیە بۆ دوور کەوتنەوە لێیان.

تەنانەت خودی شەیتانیش لە چیرۆکی هەندێک کەسدا هێمای چاکەیە .

ئەستێرەی نەوەدو چوارەم

ئەکرێ کۆمەڵەی گروپی نەرێنی لە ناو ناخی خۆتدا بژین .

خەیاڵەکانت خۆیان لە خۆیاندا دوونیایەکن بێگومان دوونیاکەش پرە لە مرۆڤ هەر مرۆڤێکیش لە خەیاڵی تۆ دا دەکرێ بە باشو بە خراپ بیریان لێبکەیتەوە بەڵام کارەسات ئەوەیە کە بە جۆرێک خراپەکەیان زاڵ بێت کار بکاتە سەر ئەقڵو دەروونت،وات لێبکا رەفتاری نەرینیانە بنوێنیت وات لێبکا هەمیشە بیری نەرێنیانە بکەیتەوە .

خەیالی نەرینی ->بیرکردنەوەی نەرێنی->هەلسوکەوتی نەرێنی->کاردانەوەی نەرێنی

ئەستێرەی نەوەدو پێنجەم

هەموو کات نەبوون خراپ نییە .

درۆزن نەبیت خراپ نییە ،شەرەنگێز نەبیت خراپ نییە،تورە نەبیت خراپ نییە ،فێڵباز نەبیت خراپ نییە ،گەمژە نەبیت خراپ نییە ،نەخۆش نەبیت خراپ نییە

مەرج نییە هەموو هەبوونێک باشە بێت ،مەرج نییە هەموو ئەوەی خەڵک هەیانە تۆش هەتبوو خۆشبەختبیت تۆ چوزانیت ئەوان چییان لە دەست داوە بۆ بە دەست هێنانی تۆ چوزانی ئەوان بە حەسرەتی ژیانەکەی تۆوە نین ؟؟!

هەبوون هەمووکات نیعمەت نەبوە .

ئەستێرەی نەوەدو شەشەم

هەموو مرۆڤێک زیاد لە روویەکی هەیە ئەوە کەوتۆتەوە سەر هەڵسوکەوتی تۆو ویستی ئەو کە کام روەیانت پشان بدات.

هەرگیز ناتوانیت بە یەک شێواز لەگەڵ هەموو خەڵک رەفتار بکەیت بێگومان نەک منو تۆ هەموو کەس بەو شێوازەیە تەنها کۆمەڵێک شت نەبێت کە جێگیرو نەگۆرن لە یاساکە ئەویش رێز لێگرتنە،کە دەبێت بەرانبەر هەموان بەرێز بین بەڵام هەرگیز شێوازی هەڵسوکەوتو قسە کردنمان بەرانبەر هەموو کەس وەک یەک نییە تەنانەت بەرانبەر دوو هاورێی نزیکمانیش .

دۆزیتەوە چەند رووت هەیە ؟؟

دیاری مەرج نییە شتێکی گران بەها بێت .
رەنگە نیگایەکی تۆ بۆ خۆی جوانترین دیاری گەردوون بێت .

هەوڵمەدە لە بەخشینی دیاریەکانت ناوازە ترین باشترین چاکترین خۆشترین ببەخشیت دڵنیابە لەو جۆرە بارودۆخانە سادەترین دەبێتە جوانترین و باشترین ،تەنها بینێک پێکەنینێک دەستخۆشیەک کتێبێک پەرەیەک قاوەیەک وشەیەک رەنگە جوانترین و بە بەها ترین بن بۆ بەرانبەرەکەت.

با دیاریەکانت ئەوانە بن ئەوان حەزیان لێیە نەک خۆت حەزت لێیە .

# ئەستێرەی نەوەدو هەشتەم

تۆ لە هیچ بەرپرس نەبیت لە وشەکانی لە دەمت دەردەچێت بەرپرسی !

ئاگاداربە! رەنگە ئەمشەو کەسێک بەهۆی وشەیەکی تۆوە نەخەوتبێت جیاوازی نییە رووبەرو لە مەسج کۆمێن ڤۆیس یاخود هەر شتێکی ترت وتبێتت دڵنیابە وشەکانت تۆ هەڵدەسەنگینن دڵی کەس مەشێکە بە وشەکانیشت کەس مەشێکنە چونکە تۆ چوزانی رەنگە ئەوەی ئەمرۆ ئەو وشانەت پێوت سبەی لە ژیاندا بوونی نەمابێت .

وەک ئەڵێن ماچی نێوچوانی مردوو بێکەڵکترین شتە .

# ئەستێرەی نەوەدو نۆیەم

لە خۆبای مەبەو غرور نەتگرێ کە کەسێک وشەیەکی جوانت پێ دەڵێت .

پێوست ناکا لەبەرەوەی خاوەنی پلەو پاییەیت یاخود شتێکیت کە هەموان بە هۆیەوە ستایشت ئەکەن ئیتر دڵی ئەوانی تر لە خۆت برەنجێنیتو هەموو کات بڵێی نا ،نا کە کاتو شوێنی خۆیدا بەکار یەت ،غرورەتە هەستی کەسانی تر تاقی بکەیتەوە غرورەتە یاری بە ژیانی ئەموو ئەو بکەیت ،غرورەتە هەوڵی بە دەست هێنانی کەسێک بدەیت کە وتی باش تۆ بڵێی نا .

بەهۆی لەخۆبای بوونو بێهەستیتەوە دڵی مرۆڤەکان مەشکێنە
ایاك ان تاذی روحا (**انَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ** )

# ئەستێرەی سەدەم

هەندێک جار لە جێی دەرمان خوێم کردوە بە برینەکانم دا بۆی هەرگیز بیرم نەچێت چیم چەشتوە

هەمووکات سارێژ کردن تیمارکردن  بەسوود نییە ئەبێت هەندێک جار خۆمان بە دەستی خۆمان خۆمان داخ بکەین بۆی هەرگیز بیرمان نەچێت چیمان چەشت بە چێدا تێپەڕین ،ئایا شایەنی لەبیر کردنە یان شایەنی پەند وەرگرتنە ؟؟؟

پەند وەرگرە لە ئاستەنگەکانت هەموویان شایەنی سارێژ کردن نین هەندێک دەبێت بیکەیت بە دیواری ژوورەکەتەوەو هەموو بەیانیەک سەیریان بکەیت چونکە ئەگەر ئەوان نەبونایە نەگەشتیت بەم سەرکەوتنەت.

هیوادارم له کۆتایدا له هەموو کەموو کوریەک ببورن ئەمە یەکەمین کتێبی نوسراوی منە ئەوەی لە ناخم بوو کردمە سەر پەرەی کتێبەکە بە ئومێدی ئەوەی کەمێک کۆمەڵگاو گەنجەکان بە ئاگا بێنمەوە بە ئومێدی ئەوەی کە هەر کەسێک هێزو توانای نەماوە بروا بە خۆ بوونی نەماوە بە یەک وشەشم راچڵەکێتو بێتەوە سەر خۆی تێبگات دونیا کۆتای نییە ،ئەگەر دانیشمو ئەوانە باس بکەم بە کە بەڕیم کردون رەنگە نەک بە ۱۰۰ پەرە بگرە بە هەزار پەرە تەواو نەبن بەڵام هەموویم کردوە بە پلیکانەوە بەسەریاندا سەرکەوتوم و بە سەرکەوتنەکانم دڵخۆشم و پێئەکەنم عەرەب ئەڵێ اللی فات مات ئەوەی رۆی مرد تەواو ناگەرێتەوە گرنگ ئەوەیە ئەزموون بکەین گرنگ ئەوەیە وانە وەبگرین گرنگ ئەوەیە هەلەکان لە دەست نەدەین گرنگ ئەوەی بە جوانترین شێوە خۆمان بسەلمێنین گرنگ ئەوەیە خۆشەویستی ببەخشینەوە ئینگلیز ئەلێ to be or not to beمامۆستایەکمان هەبوو لە تەرجومەی ئەم قسەیە ئەیوت یان ببە یان ملت بشێکێنەو مەبە سەری ئێمەش بە خۆتەوە مەیەشێنە لەوانەیە تا رادەیەک قسەکەی نەشیاوبێت بەڵام ئاقڵ ئەوەیە کە پەندی قسەکە بە جوانی لێکبداتەوە ئەگەر ئیمە نەتوانین بەجۆرێک ژیانی خۆمان بەرێوەببەین کە سود بە دورو بەر بگەیەنین کەواتە ئیتر بۆچی ئەژین ؟؟ بۆچی هەوا خەسار ئەکەین مەرجیش نییە هەموو کات چاوەرێی رازی بوونی دەورو بەر بین مەرج نییە ناوبانگمان هەبێت ئەوسا بە سود بین نانانا ،تەنها ببە بە دایک یان باوکێکی نمونەی خۆی لە خۆی دا سودێکت بە کۆمەڵگا گەیاندوە تەنها ببە بە مرۆڤێکی باش و لە ماڵەکەی خۆتەوە خزمەت بە چواردەورەکەت بکە بەسە تەنها کەچویتە دەرەوە کاغەزی خواردنەکەت لەسەر شەقامەکە فرێ مەدە خۆی لە خۆی دا چاکەیەت کردوە ئەمانە هەمووی کۆمەڵە شتانێکن بە کردنیان دڵنیابە ئەنجامێکی باشت دەست دەکەوێ بەم جۆرە لەگەڵ نەفسی خۆت ئارام دەبیت بەم جۆرە لەگەڵ خودی خۆت هاوئاوازو هاورا ئەبیت .

که گرنگیت به خۆتدا دلنیابه ئەوانی تریش گرنگیت پێدەدەن ئەوانی تریش خۆشیان دەوێیت لە کۆتایدا سوپاس کە تا کۆتا دێری کتێبەکە لەگەڵم بویت .

# کۆتای

٢٠٢٠/٧/١٣